# "مێنتالتی حەشامات دیوە شاراوەکانی مەرگەساتی دوعا"

شێرزاد حەسەن

با پرسیاری یەکەمان ئەوەبێت ئاخۆ چ شتێکە واله هەر یەکێکمان دەکات ڕقمان لە تەنیاکەوتن و خۆجیاکردنەوە بێت لەوانی دیکە؟ دەکرێت (ئەوان)ی دیکە ئەندامانی ناو هەمان تیرەو هۆزو فێلّ و بگرە حیزب بن، یان هەر گروپ و کۆمەڵە کەسانێك کە سەر بەهەمان بیروباوەڕی ئایینی یان هەر مەزهەبێکی دیاریکراوبن، گەر خۆبەستنەوەی تاك بە (کۆ)ەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی لە پشتەوەبێت کە پێویستە مادی و ڕۆحییەکانی بۆدابین بکات، دیوێکی ئاراوەی ئەو تێکەڵبوونەو خۆبەستنەوە بەوانی دیکەوە. ترس و هەڵاتنێکە لە تەنیایی و دواجاریش گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی زاتی خۆتە لەناو ئەوانی دیکە کە سەرچاوەی زۆر لە ناسنامەکانی تاکەکانن، کە زۆرجار لە خۆتواندنەوەو کوشتنی (خود) دەچێت نەك خۆدۆزینەوە، بە دیوە سایکۆلۆژییەکەیدا بۆمان هەیە گومان لەو خۆبەستنەوەیە بکەین، خۆبەستنەوەی تاك بە (کۆ)ەوە، لەوانەیە جۆرێك بێت لە خۆفریودان و یان خۆگێل کردن، لەوانەشە نەبوونی کەمترین هوشیاری بێت بە بەهاکانی خۆت و بەو بیروباوەڕانەی کە وەك مرۆڤێکی ئازادو سەربەخۆ مەرجە لێیان بەهرەمەند بیت.

دەنێو کەلتووری ئێمەدا (تاك) بەبێ (کۆ)، یان بەدوورو لە دەرەوەی ئەو (کۆ)یە هیچ ناسنامەو مانایەکی خۆی وەرناگرێت، پەروەردەکردنی ئێمە بە ڕۆحێکی مێگەلخوازی بوارێك ناهێڵێتەوە تاکەکەسەکان سەربەست و خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیان بن، هەر لەبەرئەوەشە ڕاناوی (من) بە بەراورد لەگەڵ ڕاناوی (ئێمە)دا لە زمانی ئێمەدا بزرە، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بێ و چ لەسەر ئاستی ڕامیاری و بگرە دەنێو ئەدەبیاتی کوردیشدا ڕاناوێکی ئەوەندە پەسندکراونییە، ڕاناوێکە شەرمن و ترسنۆك، هەربۆیە لەناو ئێمەدا تەنیایی و دوورکەوتنەوە، هەتا گەر بەنیازی خۆپەروەردەکردن و خۆدۆزینەوەش بێت، یان تێڕامانێك بێت لە خۆت و لە دونیاو دیاردەکانی ناوی بەنیازی گەیشتن بە حەقیقەت و جوانییەکان و دۆزینەوەی زات و گەڕاندنەوەی شکۆمەندی بۆ مرۆڤبوونی خۆت جۆرێکە لە سەرشێتی و سەرلێشێوان، بۆ هەمیشە ئەو کەم و کوڕییەی لە کەسایەتی ئێمەدا هەیە، ئەو ناکامڵی و گرنگی و چکۆلەکردنەوەیەی ئێمە بەدەست دەزگاکانی خێزان و مەکتەب و مزگەوت و دیوەخان و تەکیەو حیزب و هەرهەموو خانەو بنکە کۆمەڵایەتیەکانەوە کە لەسەر دڵ و ڕۆح و مێشکی ئێمەدا نەخشی خۆی دادەنێت، بۆ جارێکی دیکە وامان لێدەکاتەوە دەنێو ئەو خانەو بنکەو گروپانەدا ناکامڵی و ترس و کەم و کوڕی خۆمان بشارینەوە، هەرهەموومان لەو ڕەوە باڵندە دەچین، نموونەی بەتریق، کە پاڵدەدەنە یەکدی ئەو کاتەی دەکەونەبەر هێرش و مەترسی، خۆدەکرێت ئەو کۆمەڵە کەسە خوێن و خزمایەتی و تیرەگەری کۆی کردبێتنەوە، یاخود هەر مەزهەب و ئایینێك و ئایددیۆلۆژیایەك، دەکرێت خەڵك و حەشاماتێکی سەرلێشێواو داخدارو لاساربن کە مەحاڵە لەوەختی ئاشووب و ئاژاوەکاندا عەقڵ و ویژدان میوانیان بن، یان هەر دەستەو تاقمێکی تاوانکار، دەکرێت پڕبێت لە کەللەڕەق و کەللەپووت و بێ بەش و دەمارگیر.

لەم جۆرە کۆمەڵگایە کە بەڕۆحی مێگەلخوازی پەروەردەمان دەکات مەرجی یەکەمی ئەوەیە هەرهەمووومان لەیەك بچین، خاوەنی هەمان مۆرال و دیدگاو فۆرمی کۆمەڵایەتی بین، مەحاڵە ئەوانی دیکە کە خەڵك و عەوامە لێت بگەڕێن تۆ خاوەنی خۆت بیت و خۆت جیابکەیتەوە، دوامۆدیلی گروپبەندی دەنێو ئێمەدا مۆدیلی حیزبە کە مەرجە داوای جۆرێك لە پەیکەری یان پێکهاتەیەکی مۆدێرن بکات، کەچی مەرجی یەکەمی هەر حیزبێکی کوردی ئەوەیە کەهەر هەموو

ئەندامەکانی لەیەك بچن، ئەوانەشی کە سەرکێش و خاوەن (نەخێرو بەڵێ)ی خۆیانن هەمیشە تڕۆدەکرێن، یاخود لە پلەو پایەو نازو خەلاتەکانی حیزب بێ بەش دەبن، دیارە لە سەردەمی شاخەوە تاوەکو گەیشتنی دەستەلاتی بۆ ناوشار دەیەها حەکایەتی تڕۆکردن و بگرە کوشتنمان بیستووە، دواجار چ ئاشتی بێت و چ جەنگ، زۆرینە دەچنە پای جەنگ و ئاشتی، مەبەستم لە زۆرینەی ناو گروپ و خێڵ و حیزبەکانە، ئەوە تیرەو هۆزو خێڵ و حیزبە بڕیاری گەورەو بچووك دەردەکات، تاکە کەسەکان جگەلە داشی دامەو بەردەکانی شەترەنج هیچی دیکە نین.

چ هێزێکە وامان لێدەکات هەرهەموومان لەناو یەك بۆتەدا بتوێینەوە؟ چ جادوویەکە کەوادەکات هەرهەموومان وەك هەڵگری ڕۆحی مێگەل یان بۆ لەوەڕگا بچین یان بۆ قەسابخانە؟ ئەو کلیلە لای کێیە کە دەمانی داخستووەو ناپرسین بۆ یان بەرەو کوێ؟ ئەو شوانە کێیە کە پێشەنگەو هەرهەموومان ڕادەداو بە هەڵبڕینی گۆچانێك وادەکات گردبینەوەو لە ڕاستەڕێ لانەدەین و گیای حەرام نەخۆین؟

کەواتە دەنگێك هەیە لە سەرووی هەر هەموومانەوە کە خاوەنی هێزێکی مادی و ڕۆحی زێدە زاڵە، خاوەنی جۆرێك لە مەعریفەتە کە پڕاو پڕ دەستەلاتخوازەو لەناو هەرهەموو وانەکانی خۆیدا فێری دەستەلات پەرەستیمان دەکات، لەوەش ناشیرینتر فێری ملکەچی و کڕنۆش بردنمان دەکات، هەر ئەوەشە کە وادەکات کە دەنگی ڕانەمەڕێك یان مێگەلێك بەسەر قارەقاری بزنێکی شێتدا زاڵ بێت، زۆرکەمن بزنە شێتەکان، یەکجار زۆرن مەڕە گوێ کەڕیلەکان. لەناو ئاخنی هەموو دێڕێکی ئەم پێشەکییە کە پڕە لە (مەجاز) من وێنەی (دوعا)م لەبەرچاوبووە کە پتر لە وێنەی بزنە شێتەکە نزیکە کە گەڕەکییەتی لەوانی دیکە دابڕێت و بڵێ من خۆم تەنیا خۆمم، گوێ لە ئێوە ناگرم، گەرەکمە گیایەکی حەرام بخۆم و لەڕێ لادەم، لەڕێ و ڕەسم و داب و نەریتی ئێوە کە عورفی پیرۆزی خێڵە دەردەچم و عیشق دەکەم، مەرج نییە (دوعا) بەوپەڕی هوشیارییەوە بڕیاری دابێت گەمەی ئازادی خۆی تا کۆتایی درێژە پێ بدات، بەڵکو دەکرێت بەتەنها بانگی خوێن بێت، ڕۆماننووسی ئینگلیزی (دی. ئێچ. لۆرانس) واتەنی: "ئەوەی کە فەرمانی خوێنەو لێمان دەخورێت، گەلەك بەهێزترە لە فەرمانەکانی عەقڵ" کارەساتی دوعا لەو خۆجیاکردنەوەیە دەست پێ دەکات کە هوشیاربێت یان بێ ئاگا دەیەوێت بڵێت: من وەکو کچێك خاوەنی خەون و خولیاو ئارەزووی خۆمم، مەیلی حەزو ژوانێکم هەیە، کوفری گەورەی دوعا لەچاوی کوڕگەلی خێڵەوە لێرەوە دەست پێ دەکات، کوفرە چونکە شەرەف و شکۆی پیاوەکانی بنەماڵەو خێڵ دەشکێنێت بەوەی وەك تاکێکی سەربەخۆ بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ دەیەوێت گەمەیەکی سەربەستی دابمەزرێنێت، گەمەیەك کە دواجار مەرگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەڵبەتە کە وابیردەکەمەوە نامەوێت بڵێم (دوعا) زۆر هۆشیارە بە سەربەستی و تەواو لەهەرهەموو ڕەهەندە جوان وترسناکەکانی سەربەستی تێگەیشتووە، پێموایە کە (دوعا) دەچێتەناو گەمەی سەربەستی خۆی تەنها وەك ئادەمیزادێك خۆڕسکانەو عاشقانەو شێتانە دەکەوێتە دوای حەزی خۆی، زۆرن ئەو کەسانەی کە بە دەیەها کتێبیان لەسەر سەربەستی خوێندۆتەوەو کەچی بەهەزار دڵ لە سەربەستی دەترسن، ڕاستە عیشقی ئازادی لە مەعریفەت و فیکرێکی قووڵەوەش دێت، لە هۆشیارییەکی زاڵ بەخودی سەربەستی، وەلێ خودی ئازادی غەریزەی مرۆڤ دەهەژێنێت بۆ سەرکێشی و هەر بە سەلیقەو سادەیی خۆی هەندێك لە ژن و پیاوەکان بانگی لای خۆی دەکات، پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە دەکرێت فەرمان و هێزی خوێن یان غەریزە زاڵتربێ لە فەرمانی عەقڵ و لێکدانەوەکانی

مەنتیق، هەر لەبەرئەوەشە هەڵگەڕانەوەی دوعام شوبهاند بەو بزنە شێتەی لە مێگەل دادەبڕێت و دەیەوێت گیای حەرام بخوات، حەرام لە دیدی شوانەکان و عورفی هەڵگرانی ڕۆحی مێگەلخوازی.

هیچ کەمکردنەوەو سووکایەتی پێکردن نییە گەردانی پێدابنێین کە کۆمەڵگای ئێمە تاهەنووکە لەسەرهەموو ئاستە ڕامیاری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکاندا کوشتەی دەست و ڕۆحی زاڵی میگەل ئاسایە، کاریگەری ئەو هێزو سیحرە بەسەر هەریەك لە ئێمەدا ئەوەندە گەورەیە کە هەڵگری ناسنامەی مرۆڤی تاکڕەو ناشیرین و نەفرەت لێکراوە، کەسێك کەمێك شارەزای سیاسەت و کۆمەڵناسی و دەروونناسی بێت دەزانێت کە گەلێك لە زاناو داناکانی ئەوبوارە خوێندنەوەی وردیان بۆ میللەتانی خۆیان هەبووە کەلە قۆناغی جیاجیادا بە ڕۆحی تۆتالیتاری و پاوانخوازی و مێگەلپەرستی، هەروەکو خوێندنەوەی دەیەها بیرمەند بۆ قۆناغی ئەلمانیای هیتلەری و ئیتاڵیای مۆسۆلینی و ئیسپانیای فرانکۆو سۆڤیەتی ستالین ـ ی... هتد. کەهەر هەموو کۆمەڵگا بە دۆخێکی مێگەلپەرستی و مێگەلخوازی پەروەردە دەکرا، دیارە قۆناغی بەر لە نووسینەوەی مێژووش لەوە جوانتر نەبووە. ئێمەی کورد ڕێك لەو قۆناغە زۆر نالەبارەدا دەژین، مەسەلە نە یەزیدییەکانەو نە سوننەو نە شیعە، نە بلباس ـ ەو نە دزەیی و نەخۆشناوەتی... ئێمە هەرهەمووومان لەناو هەمان بەلەم داین.

گەر وێنەی بزنە شێت بە بەراورد لەگەڵ دوعا ـ دا وێنەیەکی مەجازی بێت، تەنها بۆ ئەوەمە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کارەساتی ئەو کچە ـ قوربانییە لەوەدایە کە بێ ئاگا لەخۆی وەك تاکێکی سەربەخۆ ڕەفتاری کردووەو بێ گوێدانە یاساو ڕێسای دەوروبەر، دەرئەنجامیش چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕوانی کردووە کە ئەویش هەڵدێرانە ڕووەو خەرەندی مەرگ، تەنها لەبەرئەوەی خۆی لەوانی دیکە جیاکردۆتەوە، لە کاتێکدا هەمووجۆرە شانازیکردنێك بە هەواو خەون و ئارەزووەکانی خۆت لەلای ئێمە سڕینەوەو ڕێزنەگرتنی داب و نەریتی (کۆ)یە، فەرامۆشکردنی ڕێ و ڕەسم و عورفی هەمووانە، دەرچوونە لە ڕاستەڕێ و لادانە لە مێگەل، پابەندە بە (کۆ)یەك کە تیایدا شەرەفی نێرەکان و لەکەدارکردنی گەمەیەکە بە مەرگ کۆتایی دێت، تاکڕەوی ـ فەردانییەت ـ بۆخودی پیاو حەرامە، چ جای ژن کە لەلای ئێمە وەك بەشێك لە موڵك و ماڵ و کوتاڵ چاوی لا دەکرێت، هەموومان هەقایەتی پڕلە مەرگەساتی ~ەو ژن و کچانەمان بیستووە کە ڕەدووەدەکەون و دەکوژرێن، لاپەڕەی ڕۆژنامەکان پڕن لە هەواڵی کوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان، ئەو کوشتارگایە بەردەوامە، دیسانەوە کەوتنەدوای گەمەی ئازادی باجی قورسی لەسەرە.

لێرەدایە کە دوعا گوێ لە دەنگی عاشقانەی ناوەوەی خۆی دەگرێت، ترپەی دڵی خۆی، بانگی خوێنی خۆی، کە دواجار لەچاوی پیاوانی خێڵ ئەو دەنگ و بانگ و ترپەیە هەر بەتەنها موڵکی دوعانییە، شەرع و شەریعەت و داب و نەریت پێمان دەڵێت کە نەك خەون و خەیاڵ و حەزو ترپەی دڵ و بانگی خوێن و ختوورەکانی دوعا هی ئێمەیە، بەڵکو خودی (دوعا) خۆی موڵکی هەموومانە، کەچی دوعا سەرگەرمی گەمەی سەربەستی خۆیەتی وەك هەموو عاشقە ئێستەکانی دونیا، لەیادی دەچێت کە خوێن و دەنگ و ڕەنگ و شەرەفی خۆی هی ئەوانی دیکەیە، ئەوانی دیکە خاوەنی هەر هێزگەلێك بن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە یان چاکتر وایە بڵێین کارەسات ئەوەیە کە پیاوەکان، بەتایبەتی کوڕگەل و تۆلازو لاوەکان، لە شەرەف و شکۆمەندیان دەدرێت ئەوکاتەی (دوعا) کەسێك پەسندناکات کە سەربە بنەماڵە یان خێڵەکەی خۆیەتی، چ ترسناکە کە غیرەو ئیرەیی ناو دڵی کوڕگل ئاگر دەدات کە دەوێرێت کەسێکی دیکە هەڵبژێرێت

کەسەر بە خێڵێکی دیکەو مەزهەبی جیاوازەو لەوان نییە، لەوەش ئاڵۆزتر.. سەرباری ئەوەی کە ئەندامی هەمان خێڵ نییەو مەزهەبی جیاوازە.. عەرەبیشە، لێرەدا ناکرێت مێژووی ستەمی عەرەب ـ وەك سیاسەت ـ دەرهەق بەو خەڵکە لەیادبکەین، لێرەدایە کە گڕکانی ئیرەیی و غیرە دەنێو ڕۆح و دڵی کوێ ئەو کوڕگەلە تۆڵەسێنە دەتەقێتەوە، زۆربەی کوڕو کاڵی خێڵ هەست بە نائومێدی دەکەن لەوەی کچێك کە موڵکی هەرهەموو خێڵەکەیە، بە دزییەوە ژوان و عیشق لەگەڵ کوڕێکدا لە دەرەوەی خێڵ دەسازێنێت، گەمەی عیشقی دوعا هەشتێك لەناو دڵی ئەو کوڕگەلە پەیدادەکات کە پڕاوپڕە لە هەستکردن بە ناپیاوەتی و ناشیرینی ئەوان، بەتایبەتی گەر ئەوەشمان لەیادبێت کە زۆربەی هەرەزۆری کوڕو کاڵ و پیاوانی خێڵ بێ بەشن لە خۆشەویستی و سۆزو باوەشی گەرمی ئافرەت، بەوانەشەوە کە ژنیان هەیە، بێ بەشیمان لە سۆزداری مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو نەخشی لەسەر ڕۆحی هەرهەموومان جێهێشتووە، چونکە ناکرێت دەنێو ئەو هەموو چەپاندن و حەرام و قەدەغەیەدا، دەنێو داب و نەریتێکی وا تەقلیدی کە لەسەر جیاکردنەوەی مێ لە نێر بەندە لەسەر ئاستی هەموو پەیوەندییە ئینسانییەکان، ناکرێت باس لە سۆزو خۆشەویستی و ئولفەت بکرێت، چونکە ڕۆحی جەنگاوەرانەی پیاوانی وڵاتی ئێمە بەدەرنییە لە پەروەردەیەکی پڕلە توندوتیژی و شەرانگێزی، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لەسەر ئاستی سیاسی، بۆیە زۆرجاران ئارەزووی داگیرکردنی ئەوی دیکەمان هەیە وەك جەستە، کەمن ئەو پیاوانەی بزانن شتێك لەناو ئافرەتدا کەناوی ڕۆحە، بەدەگمەن لە گەمەی عیشق و خۆشەویستی تێدەگەین، ڕۆحی شەڕانگیزانەی پیاوانی ئێمە گەورەترین بەڵگەیە کە ئێمە لە دونیایەك دەژین بەتاڵ لە سۆزو خۆشەویستی و عیشقی ژن، ئەوە ڕۆحی شەرانگێزانەیە کەوادەکات بە هەمووان سەرگەرمی کوشتنی دوعابن، ئەو ئاهەنگە لە ماڵەکانیشماندا هەر بەردەوامە، زەبرو ستەمی ڕۆژانەی نێرینەکان بەسەر مێینەکان، ئەو تۆڕی دوژمنکارییە وەها گەورەیە کە نێرو مێی بەیەکەوە خستۆتە ناو باوەشی خۆی، کوشتن و سزاو تۆڵەو ئازاردان و ئەتك کردن سەدەها شێوەو ناوی هەیە، دەنێو ماڵەکان و مەکتەبەکان و مزگەوتەکان و سەرجادەکان و... بگرە دەنێو هەرهەموو دەزگاکاندا بەرکەماڵە.

دواجار دەنگی (کۆ) کە دەنگی هەموانە بەهەمان سازو ئاوازە هێزو توانا فەرمان دەردەکات کەچی چاکەو چی خەراپە، چی جوانەو چی ناشیرینە، ئەو ـ کۆ دەنگەیە واڵە تاکە کەسەکان دەکات کە خەیاڵی خەراپ نەکەنەوەو خەونی حەرام نەبینن، خەونی سەربەخۆبوون و ئازادی و لەڕێ لادان و دەرچوون لە داب و نەریتی هەمووان، ناسینی حەڵاڵ و حەرامەکانە کە مەرجە لەچاوی ئەوانی دیکەوە پەسندیان بکەین، نەك لەچاوی منەوە یان لەچاوی تۆو لەچاوی ئەوی دیکەوە.

مەرجە ڕاناوی (من) لەناو ڕاناوی (ئەوان)دا بتوێتەوە، ئەوە تەنها خودجایە، پێغەمبەرە، ئاغایە، شێخە، مەلایە، ژەنەڕاڵە، سەرۆکی حیزبە... یان هۆزو خێڵە کە دەتوانێت بڵێت (من)، ئەوان سەرچاوەی هەموو بەهایەکی پیرۆزو هێزو سیحرو کۆدەکانی ڕەوشتی من وتۆن، شتێك نییە ناوی مۆڕاڵی من و مۆڕاڵی تۆ. ئەوان دەتوانن ماناکانی هێزو ئازایەتی و ڕەوشت و شەرەف بەمن و تۆ ببەخشن یان لێمانی بستێننەوە، لە هەمووی گرانتر: ئەوان دەتوانن بڕیاری مەرگی هەر تاکە کەسێك بدەن کە بوێرێت بڵێت: من جیاواز بیردەکەمەوە، من ملکەچی داواکانی ڕۆحی خۆمم.. من پێتان دەڵێم: "نەخێر".

ئەو سیستەمی بیرکردنەوەو ڕوانینە ئەخلاقێکی وای داڕشتووە کە مرۆڤ ئەو سزاو ئەشکەنجەو شاربەدەرکردن و تڕۆکردنانە دەرهەق بەخۆی بەڕوا بزانێت و پەسندی بکات، چونکە ناکرێت ئەوان بە (کۆ) هەڵەبن، هەمیشە (من) تاوانبارە لە بەرامبەر (ئەوان)دا، ئەو بەتەنها ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و نووسەران و فێمینست و چەند کەسانیچکی دیکە کە یەکسانیخوازو مرۆڤپەروەرن مەرگەساتی دوعا وەك کارەساتێك دەبینن، دەکرێت لەناو ئەو مرۆڤ پەروەرانە خوێندەوارو نەخوێندەوارهەبن، لەپاڵ ئەوەدا بە هەزارەها کەس هەن کە خامۆش و بێ دەنگن، لە نێرو لەمێ، ئەم سزایە بەڕەوادەزانن، بکوژەکانی (دوعا)کان کە بە سەدەهان لەنێو ئێمە دەژین، کۆمەڵگای ئێمە زۆرباش جێگای ئەو بکوژانە دەکاتەوە، تا هەنووکەش کوشتن لەسەر ناموسپەرستی ڕەوایەو یاساش ناوی ناوە (غسل العار)، هەربۆیە یەك دوو یاسای شەرمن کە دەرچوون هیچ ڕێزێکی لێ ناگیرێت، خەڵکی ئێمە بەجۆرێك ئەو داب و نەریت و یاساو ڕێسا زۆر تەقلیدییانەی لەلا پیرۆزە کە تەمەنی لە هەزارساڵ تێپەڕیوەو نەگۆڕاوە، ئەوەندە بڕوای بە چارەنووسی ئاسمان و (غەیب و قەدەر) هەیە کە هەژاری و دەوڵەمەندیش بە کردەی خودا دەزانێت، هەربۆیە هەژاران چ پێویستیان بە شۆرش و هەڵگەڕانەوە نییە، هەربۆیە ملکەچی دەستەلاتداران دەبن و چەوسانەوە بە بەشێك لە ژیان دەزانن، وشکەساڵ و نەبوونی بارانیش هەر غەزەبی خودایەو هەر بەهەمان ئەندازەو تێڕوانین مەرگەساتی (دوعا)ش قەدەرێکەو لەناوچەوانی خۆیدا نووسرابوو بەم ڕۆژە بگات، یان لە باشترین لێکدانەوەی ئەو خەڵك و خوایەدا دەوترێت: کچێك کە سەری باوك و براکانی و خێڵەکەی خۆی شۆڕبکات شایەستەی مەرگە، لێرەدا چ ئایین و چ کەلتووری خۆمان کە کۆی مۆراڵی ئێمەیە پشتگیربی لەم ڕوانینە دەکەن.

گەر ڕوانینی حەشامات و کوڕگەلی خێڵ بەم چەشنە نەبێت چۆن بە زنجیرەو گروپ بەندی (دوعا) دەستاودەستی پێ دەکرێت، با لەم چەند جووڵەیە وردبینەوە کە چەند کارەکتەرێك تیایدا بەشدارن:

یەکەم: ڕۆڵی دایکی کوڕە عەرەبەکە لە ئاشکراکردنی چیرۆکی حەزلێکردنەکە.

دووەم: پیاوێك پەردە لەسەر نهێنی ئەو دڵدارییە لادەدات.

سێیەم: دوای دووساڵ لە بەڵێن و ژوان و هەتا داواوخوازبێنی کوڕگەلی خێڵ بە شەو لەژێر دار زەیتوونەکان کچەو کوڕەی دڵدار دەستگیردەکەن.

چوارەم: کوڕگەل کچەو کوڕەکە ڕووەو بنکەیەکی پۆلیس ڕادەپێچن یان بنکەیەکی حیزبی.

پێنجەم: دوای یەك ڕۆژ لەبەر هەر هۆیەك بێت کە پتر لە پەیمانی نێوان پیاوەکان دەچێت لەوێوە ڕاپێچی ماڵی شێخ یان گەورەی خێڵەکە دەکرێت، بێ گومان ئەوەش فشۆڵی و شکەستی دەستەڵاتی کوردی پیشان دەدات کە نازانێت چۆن ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببێتەوە.

شەشەم: لەژێر هەر فشارو گەلە کۆمەکییەك بێت مامی (دوعا) وەك کاڵایەك وەریدەگرێتەوە.

حەوتەم: دواجووڵە گەمارۆدانی کچەکەیە لەلایەن کوڕگەلی خێڵ و بەردبارانکردنییەتی تابە مەرگ دەگات.

ئەوەی کە لەم چیرۆکەدا دەیخوێنیتەوە مەرگەساتی دوعایە کەلە قوربانییەك دەچێت و بەژێر سێبەری چەقۆی ئەو هەموو پیاوانەدا تێدەپەڕێت، لە نوێنەرانی دەستەڵاتەوە تا نوێنەرانی ئایین و تا دەگات بە هیستریای کوڕگەلی خێڵ کە جگە لە حەشاماتێکی تووڕەو دەمارگیر هیچ ناوێکی دیکەیان نییە، ژمارەیەك لە خەڵکی کە دەکەونە دۆخێکی "دیماگۆکی" کە

دواجار لە هەڵچوونێکی زۆر شێتانەو پڕلە هیستریا خۆیان دەدۆزنەوە کە بوار بۆ دادگایی عەقڵ و جوانی ناهێڵێتەوە. نمایشی کوشتنی ئەو کچە ئەوەندە سەرشێتانەیە کە بوار بۆ سۆزو بەزەیی و هاوخوێنی ناهێڵێتەوە. کەوتنی کەسێکی بەستەزمان لەبن دەست و پێی ئەو حەشاماتە بوارێك ناهێڵێتەوە (دوعا) وەك (مریەمی مەجدەلی)یە ڕزگاری بێت، لە ناکاو (عیسا)یەك دەربکەوێت و بڵێت: (هەرکەسێك لە ئێوە کە گوناهی نەکردووە.. با بەردێکی تێبگرێت. نە زەمەن زەمەنی عیسا پێغەمبەرەو نە دوعاش ئەوەندە بەختەوەرە وەك (مریەمی مەجدەلیە) موعجیزەیەکی بۆ بڕەخسێت، هەموو کەسێکی ناو ئەو حەشاماتە موعجیزەیەکی بۆ بڕەخسێت، هەموو کەسێکی ناو ئەو حەشاماتە داخدارە تەنها بڵێسەیەکی ناو ئاگرێکی گەورەو ناقۆڵایە کە جگە لە سووتاندن هیچی دیکە نازانێت.

ئەو هێزەی حەشاماتەکە لێدەخورێت هێزێکە دوو ئاراستەو ئاستی وەرگرتووە، هێزێکی بکوژ و سەرلێشێواوو دڵڕەق، لەهەمان کاتدا هێزێکی کۆو یەکگرتووە لەناویەك مانادا کە خۆی لە تۆڵەدا دەنوێنێت، تۆڵەی لەکەداربوونی شەرەفی خێڵ، تۆڵەی کۆمەڵێك پیاوو لاوو تۆلاز کە لەوپەڕی بێ بەشیدا دەژین، بێ بەش لە خۆشییەکانی ژیان و جوانی سۆزو خۆشەویستی ئافرەت، تۆڵەی پڕلە قینی کۆمەڵێك لاوو تۆلاز کە دەبوو بەپێی عورفی خێڵ (دوعا) یەکێکیان پەسندبکات، نەك بچێت لەگەڵ کوڕێکی غەیرە دین و بێگانە بەوان دڵداری سازبکات. دوعا بێ ئەوەی دەرك بکات لە ڕۆحی نێرینەیی هەرهەموو پیاوانی خێڵی داوە، سڕینەوەو بێ بەهابوونی نێرەکانە لەچاوی یەکێك لە کچانی خێڵ کە لە ئاکامدا سزادانی دوعا ئاماژەیەو ترساندنی هەرهەموو کچان و ژنانی خێڵەکەیە، بەواتا هەرهەموو خێڵەکان، بێ دەنگبوونی کچان و ژنانی خێڵ و سەرکزکردنی دایك و خوشکانی دوعاو کچانی بنەماڵەکە هەر بەتەنها ترس نییە لە تۆڵەو ڕقی پیاوەکان، بەڵکو پەیمان و ڕێکەوتنیێکی ژێربەژێری و نەنووسراوە کە داب و نەریت و عورفی خێڵ سەدەها ساڵە چاندوویەتی. ئەوان حیسابی ڕەدووکەوتن بۆ دوعا دەکەن و ئەوەش ئەوپەڕی شەرمەزارییە، هەر ئەو ئابڕووچوونە وادەکات دایکەکان ڕسواو سووك بن لەچاوی پیاوانی خێڵ و کچەکانیش، بەتایبەتی کچانی بنەماڵە بەختی شووکردنیان کەمتر بێتەوە دوای ئەو ئابڕووچوون و نامووس ڕەشکردنە، چیتر کچانی بنەماڵەو خێل دوای ئەو ئابڕووتکانە (ڕووسوور) نابن، ئافرەتانی کورد لەم جۆرە دۆخەدا لە ڕوومەتی خۆیان دەدەن و دەگرین و دەڵێن (ڕوومان ڕەش بوو)، زۆرجاران بۆیان نییە بۆ کچەی کوژراو (دوعا) بگرین و پرسەدانانیش یەکێکە لە کوفرە گەورەکان، ئەوەتا کوڕانی خێڵ ئامادەنین دوعا لە گۆڕستانی خۆیاندا بنێژرێت تا دواجار میری گەورە بڕیاردەدات کە بنێژرێت.

دوعا تاوەکو لە ژیانیدایە بۆماوەی یەك دوو ساڵێك سەرکێشانەو بەتەنیا بۆماوەی دووساڵ دەچێتە ناو گەمەی حەزو دڵداری، بە بەرچاوی کوڕان و پیاوانی بنەماڵەو خێڵەوە، کە دەکوژرێت ئەوان بە شایەستەی ئەوەی نازانن لەناو گۆڕستانی خۆیاندا بنێژرێت، کەواتە ئەوەی لە ژیاندا ملکەچی داب و نەریتی ئێمە نەبێت، مەرجە گۆرغەریب بێت، ئەوەش بە واتایە دێت کە باوك و دایك و خوشك و براکانی بۆیان نییە سەردانی گۆڕەکەی بکەن، یان لە باشترین حاڵەتدا بەدزییەوە سەردانی دەکرێت. کۆی دڵڕەقی و تۆڵەی خێڵ لەوەدا کۆبۆتەوە کە دوعا بێ ئاگا لەخۆی ویستوویەتی هەر بە غەریزەو سەلیقەو بانگی خوێن گەمەی تاکخوازی ـ فەردانیەت ـ بکات و لەڕێی عیشقەوە، عیشقێکی حەرام لەچاوی خێڵ، خۆی لەوانی دیکە جیابکاتەوە، دیسانەوە چیرۆکی بزنە شێت و خواردنی گیای حەرام و لەڕێ لادان و زەبری

گۆچانی شوان و ملنەدانی بزنەکەو چیرۆکی هەڵدێران و مەرگەساتەکەم وەبیردەخاتەوە، دیسانەوە هەمان چیرۆکی (حەوا)و (ئادەم) کەلە درەختی حەرامکراو دەخۆن و لە بەهەشت دەردەکرێن.

ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەو رێکەوتنە نەنووسراوەیە کەهەر هەموو کورگەلی خێڵ کۆدەکاتەوە، بیرمان نەچێت کە کچەکانی خێڵ لەپشت دەرگاو پەنجەرە داخراوەکانەوە لەو مەرگەساتە دەڕوانن.. ڕوانین و هیچیتر، ئەوەش وانەیەکی ترسناکی هەڕەشە ئامێزە بۆ هەریەك لەو ئافرەتانە کە نامووسی خۆیان بپارێزن. بەشداری کوڕانی خێڵ لەو (ئاهەنگی مەرگە) پنتێکەو جوغزێکە کە دواجار نمایشی هێزو توانای خێڵە لەسەر لاوازترین و بەستەزمانترین بوونەوەر کە دوعایە، جگە لەوەی کە ساتەوەختێکە هێزو دەستەڵاتی نێرینانەی خۆیان لەسەر تاکە قوربانییەك کۆدەکەنەوە کە ئەوەش بۆخۆی شاردنەوەی ئەوپەڕی لاوازی و شکەستی پیاوەکانە، ڕەواندنەوەی ترس و شەرمێکەو دواجار تەقاندنەوەی تۆڵەو تووڕەییەکە کەلەو دەروازەوە مێژووی هێزێکی پەرش و بڵاوی خۆیان کۆدەکەنەوە، دواجار ڕشتنی قەهرێکە لە داخی زەمانێکی پڕلە بێ بەشی لە هەموو خۆشی و جوانییەکانی زیندەگی کە دواجار مێژووی بێ بەشی هەر هەموومانە وەك پیاو، هاوکێشەکە زۆر سادەیە: چەندە لە جوانی و خۆشەویستی ژیان بێ بەش بین، ئەوەندە پتر وێرانکەرو دڕندە دەبین.

کوشتنی دوعا بەو گەلە کۆمەکی و هەرەوەزییە، هەرەوەزییەك نییە بۆ پێکەوەژیان و بەرهەمهێنان، تاکە جۆرێکە لە هاوکاری و هەرەوەزی کۆکردنەوە بۆ مەرگ چاندن، هێزێکە لەسەر حیسابی کوشتنی کچێك بۆ سەرلەنوێ کڕینەوەی ناسنامەو سەرسەلامەتی و دڵنیایی و هەستکردن بە بەهاو نرخی هەریەك لە کوڕان و پیاوانی خێڵ، کە دیارە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە نەك هەر یەزیدییەکان، بەڵکو هەرهەموو کورد گومانی لە بوون و ناسنامەو سەرسەلامەتی و بەهاو نرخی خۆی هەیە، نەبوونی دڵنیایی و دڵەڕاوکێ خەسڵەتی بنەڕەتی هەموومانە بە حوکمی مێژووی دوورو درێژی ژێر دەستەیی و کۆیلەبوونمان بەدەستی داگیرکەرەکانەوە، ئێمە هەر هەموومان پێویستیمان بەوەیە هێزی خۆمان تاقی بکەینەوەو نمایشی تواناو هێزنواندن ئەو شکەستییە ڕۆحییەمان بۆ پڕدەکاتەوە، هەربۆیە ئەو هێزو زەبرو زەنگە بەسەر کەسە لاوازەکانی خۆماندا دەسەپێنین کە دەکرێت ئەوان خوشکان و دایکان و ژنان و کچەکانی خۆمان بن یان مندالەکان بە نێرو مێ ـ وە، یان شێتەکانی سەرجادەو کەسە هەژارەکان جێ نیشانەی ئێمەبن ئەوکاتەی لەخەمی گەڕاندنەوەی هێزو تواناو ناسنامەیەکی دۆڕاوی خۆمان بین. زنجیرەی یەکدی سڕینەوەو کوشتن و چەوساندنەوە لەناو ئێمەدا کۆتایی نییە، بیرمان نەچێت دواجار گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ڕسکان و گەشەسەندنیان دەبنە خاوەن داب و نەریت و عورف و هەڵوێست و بەهاومۆڕاڵی خۆیان تادەگاتە جۆری هەڵبژاردنی جل و شێوەی سازدانی شین و شایی، لەو گەشەسەندن و ڕسکانە کۆمەڵایەتییەدا ئەوەی کە زۆر شاراوەیە ئەو میراتە ڕۆحییەیە کە هەر هەموومان لەسەر نەبەردی و ئازایەتی یان شکەستی و ترسنۆکی پەروەردە دەکات. مەرگەساتی دوعا گێڕانەوەی حەکایەتی ئازایەتی و جوامێری پیاوەکان نییە، کە دەڵێم پیاوەکان مەبەستم پیاوەکانی تەنها ئەو خێڵ و ئەم خێڵ نییە، بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری پیاوەکانم مەبەستە، دەنێو تیرەو هۆزو خێڵ و حیزبەکانیشدا، هەر لە سەرکردەکانەوە تا بنکردەکان، کەهەر هەموومان زۆر ترسنۆکانە لەو مەرگەساتە ڕادەمێنین، مەرگی دوعا وەك نموونەی حەکایەتی ترس و بێ دەسەلاتی هەر هەموومانە، ترسی ئێمە لە

دەرکەوتنی زیبایی و ئازایەتی دوعا کە دواجار حیساب بۆ پیاوەتی هەمووان ناکات، یان لەیادی دەچێت حیسابیان بۆ بکات.

دیارە ئەو نۆرم و داب و نەریت و شەرەفە هاوبەشەیە کەلە دیدو چاوی پیاوان و ژنانی خێڵ دەبنە مایەی جۆرێك لە کۆبوونەوەی هەر هەمووان لەسەر خوانی خێڵ و جۆرێك لە تۆکمەیی و هەیکەلێکی دامەزراوو دەزگا ئاسا بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێت ئەوانەش کەلەو فۆرم و خوو وفخدەو شەرەفە هاوبەشە لادەدەن.

چارەنووسیان مەرگە یان تڕۆکردن و شاربەدەرکردن. ئەمجۆرە سزایە لە بنەماڵەیەکی کوردییەوە دەست پێدەکات تا دەگا بە گەورەترین حیزبی کوردی. زۆرکەس لە ئێمە چیرۆکی پڕلە مەرگەساتی کچێکی ڕەدووکەوتووی ناو خێڵێکمان لەیاد ماوە، کچەکە ناوی "بەیان" بوو، لە دەئەنجامی کۆسپ و تەگەرەی کۆمەڵایەتی بەردەم (بەیان)دا کە کەس و کار نەیاندەهێشت بۆ دڵدارەکەی ببێت، لە ئاکامدا (بەیان)و عاشقەکەی پەنادەبەنەبەر شۆڕش ـ یەکێتی نیشتمانی ـ لە شاخ، خێڵی تووڕەو داخداری ئەو دوو عاشقە مەرجی کوشتنی هەردووکیان بە ڕەوا دادەنێن بە عورفی خێڵ، هەڕەشەیەکی توندو گەرم دەکەن: هەر هەموو پیاوانی خێڵ پاڵدەدەنە حکومەت و دەبنە جاش و پشت لە شۆڕش دەکەن گەر بێت و ئەو دوو عاشقە ڕووتەڵەو تەنیایە بە مەرگ سزانەدرێن، حەکایەتەکە دوورو درێژترە لەوە، وەلێ لە ئاکامدا ئەودوو عاشقە بە مەرگ دەسپێرن. لەوساوە تا هەنووکە لە خۆم دەپرسم: زۆرن ئەو شۆرشانەی کە بانگەشەی ئازادی و خۆشنوودی و ئایندەی جوان دەکەن. بەڵام چەندە جێگای گومانە کە نەتوانن دوو عاشق لە پەنای خۆیاندا داڵدە بدەن. کارەساتی حیزبێکی وەك پەکەکەش لەچاوی من ئەوەیە کە ناتوانێت لەناو خۆیدا جێگا بۆ عاشقەکان بکاتەوە. حەکایەتی تراژیدی دوعاو (بەیان) چەندە لەیەك دەچێت، یەکێکیان سەربە قۆناغی شاخەو یەکێکیان شار. وابزانم کۆمێنتی ناوێت. دواجار ئەو کوڕو کچانەی کە خۆیان لەتەك ئەو فۆرم و داب و نەریتەدا دەگونجێنن خەڵات دەکرێن بەوەی کە بنەماڵەو خێڵ و گروپ و حیزبەکان و هەرهەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە دیوەخانەکانی خۆیاندا جێگایان دەکەنەوە. مەرجیش نییە گروپ و هێزەکان ئەو مەرج و یاساو ڕێساو بەندانەیان تۆمار کردبێت، بەڵکو لەسەر پەڕەی دڵ تۆمارکراون و بوونەتە بەشێك لە شێوەی بیرکردنەوەو مێنتالێتی کۆگەل کە زۆرجاران دەبێتە مایەی دەمارگیری و خۆپەرستی و خۆداخستن و فشارێکی وەها ئاراستەکراو کەلە ئاکامدا دەبێت بەهێزێکی کوێرو مێنتالێتی ـ زهنیەتی ـ مێگەل ئاسا کە جگە لە دڵڕەقی و ملهوڕی و خوێن ڕشتن هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێت وەك لە مەرگەساتی دوعادا دەرکەوت، گەر بازنەی شەرانگێزییەکە فراوانتر بێت، دەبێتە مایەی پەیدابوونی ڕۆحی سەردەستەیی و شۆفینیزم، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە سیستەمی پەیوەندییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکەی پێکهاتەیەکی (هیرارکی ـ هەرەمی) هەیە. گومانی تێدانییە کە ئێمەش وەکو کورد لەناو ئەو پێکهاتەدا پشتاوپشت ژیاوین.

پێکهاتەیەك لە شێوەی هەرەمێکی کۆمەڵایەتی کە دەکرێت لەسەری سەرەوەی ئەو هەرەمە خودا دانیشتبێت، یان سەرکردە، یان ئاغایەك، یان بەڕێوەبەری دەزگایەکی تەقلیدی، وادەکات کە (دوعا) وەك بەستەزمانترین بوونەوەر، بەپێی نۆرمێکی نەنووسراو لەدەستی ئەفسەرێکەوە بگاتە دەست شێخ و دواجار بن دەست و پێی کوڕانی خێڵ، ئەو دەستاودەست کردنە بەتەنها ڕێکەوت نییە، نۆرمێك ئەو بازنەیە دروست دەکات، بازنەیەك لەو دەستانەی دەبنە هەڵقەو پەتی مەرگ کەلە ملی دوعادا توند دەکرێت، هەر ئەم پێکهاتە هیرارکییە ـ هەرەمییەیە کە دەستەڵات لە گەورەوە

دەگوێزێتەوە بۆ ئەندامە چکۆلەکان، دواجار وادەکات کە سەرکردایەتی سەرکردەو سەرۆك خێڵ و تیرەو هۆزو ئاغاو بەگ و مەلاو میرو شێخ کەم کەمە لە ئەندامە پایە نزمەکانی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە دووربکەوێتەوە کە دواجار ئەوانیش هەرهەموو ئەو دەستەڵاتەی گەورەکانیان بەکاردەهێنن بۆ جۆرەکانی سزاو تۆڵەکردنەوە کە هەندێك جار بە پەشیمانییەکی زۆر شەرمنانەی گەورەکان کۆتایی دێت، پەشیمانی دوای مەرگەساتەکان کەبە ڕستەیەکی مردوو تەواو دەبێت ـ "بەداخەوە.. لەدەست دەرچوو..!" ئەم پەشیمانبوونەوە شەرمنە لە حەکایەتی ئەفسەرو قایمقام و میرو شێخدا دەرکەوت لە چیرۆکی دوعادا.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کێ ئەو تۆڵەو ڕق و دەمارگیرییە خوێن ڕشتنە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە دەگوێزێتەوە؟ هێزێکی پەرش و بڵاو چۆن وا یەکدی دەگرێت و ئەوپەڕی توندوتیژی دەنوێنێت، بێ گومان ڕاستە کە سەرکردە، شێخ، میر، مەلا، ئاغاو هەموو سالارو سەردارەکان لە ساتەوەختی ڕوودانی خوێن ڕشتن و کوشتنەکە لەوێندەرێ نەبوون و دووربوون، بەڵام دواجار دووری و بێ دەنگی ئەم ئاغاو گەورانە لەو هێزەوە هاتووە کەهەر یەکەو خۆی لە شێوەیەی خودایەکی بچکۆڵەدا وێنادەکات، خۆ ناکرێت ئەو پیاو ماقووڵانە لە ئاهەنگی مەرگ و کوشتنەکەدا لەگەڵ عەوام و ڕەشە خەڵکەکەدا دەستە پیرۆزەکانی خۆیان بە خوێن سووربکەن، هەربۆیە شێخ و میرو ئەفسەرو قایمقام و بگرە مەلاکانیش ڕایدەگەیەنن کە لەگەڵ مەرگدا نەبوون، هەر هەموو ئاغاکان دەڵێن: "ئەفسووس.. بەداخەوە کە کۆنترۆڵ نەکرا".. بۆ نەکرا؟ کەس نازانێت.

مام جەلال و کاك مەسعودیش خۆیان لە شەڕی ناوخۆ بەدوور دەگرن و بگرە چەندجارێك ڕایدەگەیەنن و ڕایانگەیاندووە کە ئەوان براکوژیان پێ خۆش نەبووەو لە هەڵگیرسانی بەردەوامی شەڕەکەدا بێ گوناهن، وەلێ هەموومان دەزانین کەس ناتوانێت بەبێ پرس و ڕای ئەو دوو سەرکردەیە فیشەکێك بتەقێنێت. کەواتە دەرئەنجام بەوە دەگەین کە دووری سەرکردایەتی هەر حیزب و هێزگەل و گروپ و خێڵ و تیرەیەك بە حوکمی ئەو پلەو پایە پیرۆزەی کەهەر خەڵکەکە پێی دەبەخشێت، هەمیشە وادەکات کە دوورە پەرێزو بێ گوناە لە ڕووداوە ناخۆش و ئاشووب و گێچەل و مەرگەساتەکان بوەستێت و هەر ئەوەش دەکا بە بیانووی بێ گوناهی و خۆپاککردنەوە لە تاوانەکان. هەرهەمان وێنەی خودایە کە بە هەزارەها ساڵە مەردوومەکان بەناوی پیرۆزی خوداوە ڕووباری خوێنیان هەڵبەستووە، مێژووی مرۆڤ مێژووی کوشتارگا گەورەکانە، هەمیشە سەرچاوەی هێزی سەرەکی کە توندوتیژی بەرهەم دێنێت زۆر دوورو پیرۆزەو هەرهەمان توندوتیژی و دوژمنکاری لەڕێی میکانیزمێکی زۆر سەیرو سیحراوی دادەبەزێتە خوارەوەو خەڵك و حەشامات و عەوام و سەربازە گرگنەکان دەبنە جێبەجێکەرو پەیڕەوکەرانی یاسای خوێن و جەنگەل.

دەمێکە وتراوە ـ ئای سەربەستی.. بەناوی تۆوە چ تاوان و گوناهێك ئەنجام دراون. کەواتە بەگوێرەی ئەو پێکهاتە هیرارکییە ـ هەرەمییەی ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هەمیشە یەزدان و خوداوەندەکان و سەرکردەو سالارو ئاغاو میرەکان ڕاستەوخۆ لەو شانۆگەری مەرگ و کوشتن و خوێنەدا بەشدارنابن، ئەوان هەرگیز لە عەرشی بەرزی خۆیان دانابەزن و نایەنە ناو شمشێر بەدەستەکان، بەڵام هەر ئەوان خۆیانن گەمەپێکەری بووکە شووشەکانن، دواجار هەموو ئەندامە چکۆلەکانی سەر بە حیزب و بنەماڵەو خێڵ و تیرەو گروپە شەڕانگێزەکان بۆئەوەی بیسەلمێنن کە وەك گەورەکانیان هێزدارو بەتوانان لە ڕەخساوترین هەل و مەرجدا ئەوپەڕی توندوتیژی دەنوێنن، بۆ بەڕەڵلاکردنی ئەو ڕق و دۆخە پڕلە ئاشووب و خوێنە زۆر ئاسانە سەدەها هۆو برو بیانوو بدۆزێتەوە، تەنها بەو شێوەیەش بێ هێزی و ترسنۆکی و

گرگنی و دیلییەتی خۆیان دەشارنەوە، خەڵکێکی زۆر لەهەموو دونیادا حەزدەکات سەیری (میکی ماوس) بکات، چونکە دواجار ملیۆنەها کەس وەك ئەو مشکەوایە کە خۆ بەلاوازو چکۆلە دەبینێت، بەڵام هەر ئەو مشکەشە بەسەر سەدەها کۆسپ و تەڵەو فرۆفێڵ و فاقەی گەورەکاندا زاڵ دەبێت، هەر کەسێکی بەستەزمان و چکۆلەو بێ هێز خۆی لەگەڵ ئەو مشکە بەراوردەکات و لەزەت دەکات تا ئاستی ئۆرگازم.

ڕێکەوتنێکی نەنووسراوو خەوتووش لەنێوان گەورەکان و پیاوانی ژێردەستەدا هەیە لەسەر بێ دەنگی و خامۆشی و پەردەپۆشکردنی تاوانەکان کە هێزو دەسەڵات هەرهەموو جەمسەرەکانی بەیەکەوە گرێ دەدات، بەتەنها هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەرەمەیە کە ڕۆحی توندوتیژی و خوێناوی کەمتر دەکاتەوە، ئەوکاتەی پلەو پایەکان لەسەر ئاستی هێزو پیرۆزی دابەش ناکرێن جا ئەو هێزە چ مادی بێ و چ ڕۆحی، مەرجی یەکەم ئەوەیە ئەو هەرەمە بەوشێوە کۆن و تەقلیدییەی خۆی مایەی ئەوپەری مەترسییە، جوانتر وایە کەسەکان، بە مێ و بە نێرەوە، ەبە گەورەو بچوك و هێزدراو بێ هێزەوە لەتەنیشت یەکدیدا، یەکسان، بوەستن، نەك وەك ئەوەی لە سێرکەکاندا دەبیندرێت، هەریەکەو لەسەرشانی ئەوی دیکە وەستاوە، بێ گومان قورسایی زۆرتر لەسەرئەو کەسەی خوارەوەیە.

ئەو پاڵنەرو هێزە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیانەی کە نەخش و کاریگەری خۆی لەسەر خەڵك و حەشاماتدا دادەنێت، ئەو کاتەی کە لەناو گروپ و پۆڵ و خێڵ و هەیکەل و پێکهاتەکاندا خۆیان دادەمەزرێنن هێزێکە سایکۆلۆژیستی ئەڵمانی (کورت لێون 1890-1947) ناوی لێناوە (دینامیکییەتی گروپ) کە دواجار هێزێکە حەشامات و عەوام دەجووڵێنێت ڕووەو بەدکاری یان جوانکاری لێیان دەخورێت.

ئەم دۆزینەوەیە دەنێو بازنەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا کاریگەری و نەخشی خۆی دانا. لێون دەرکی بەوەکرد کە خەڵکی خاوەن خەون و خولیاو حەزو ئارەزوون، هەرگیز کەمتەرخەم و بێ باك ناوەستن دەنێو هەر ژینگەیەکدابن کە بە موڵکی خۆیانی بزانن، بەڵکو زەمینەیەك دەرەخسێت کە لە بەرامبەر هەموو ڕووداوەکاندا کاردانەوەی باش و خراپیان هەبێت، ژیانێکە کە لەڕووی فیزیکی و ڕەوانییەوە دەمانجووڵێنێت، هەڵبەتە هوشیاری ئەو کەسانەش کە کاردانەوەیان بەرامبەر ڕووداوەکانی ئەو ژینگەیە هەیە، بەشێکە لە پێکهاتەی گشتی نۆرم و داب و نەریت و هەرهەموو هەڵس و کەوتێك کە دەکرێت لە دەستەواژەی (میراتی ئەخلاقی)دا کۆی بکەینەوە، هەر لەم دیدو بۆچوونەوە دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە مەرگەساتی دوعا ڕێك و ڕاست بەشێکی توندوتۆڵ و ڕیچك دامەزراوی هەرهەموو کۆمەڵگای ئێمەیە، بەوانەشەوە کە خۆیان بەدوور دەگرن لەوتاوانە، چونکە میراتی ئەخلاقی و ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییەیە کە حەکایەتێکی واپڕ لە کارەسات بەرهەم دەهێنێت، ئاخر مەرگی دوعا دەیەها مەرگی دیکەی بەدوای خۆیەوە هێنا، ئەوەیان ڕووداوێکی ڕاگوزەرو تێژتێپەرنییە، چونکە کوشتنی دوعا فشارێکی گەورەی کەلتووری ئێمەیە کە بڕیاردەدات چ جۆرە ڕەفتارێك گونجاوە دەرهەق بە کچێك کە پرسمان پێناکات و ژوان و عیشق دادەمەزرێنێت، ئا لێرەداو هەر هەنووکەو لەناو ئێمەدا، کە دیارە دوعا بێ ئاگایە لە هەڵە هەڵبژاردنی شوێن و کات و خەڵکەکە وەك کە هەرهەموو حەشاماتێکە تووڕەو بێ بەش و تۆڵەسێن و نامووس پەرست بە مانا هەرە کۆن و مردووەکەی.

ئالێرەدا ڕستەکەی (جۆن دەن)ی شاعیرم بیرکەوتەوە کە دەڵێت ـ "هیچ مرۆڤێك دورگەینیە، هەر بەتەنها خۆی بێت... بەتاق و تەنیا".

بەشێکی دیکەی مەرگەساتی دوعا دیوێکی شاراوەی کۆمەڵگای خۆمانی خستەوە بەرچاوان، هەر لەدوای کوژرانی دوعاوە گوێمان لە سەدەها بیرو بۆچوون و دیدارو مۆرالی جیاوازبوو، پیشانی داین کە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵ و دژ بە یەکدی لەناو ئێمەدا دەکولێت، کە دواجار وەك هەر کۆمەڵگایەکی نیمچە شارستانی کە ڕۆحێکی هێشتا سەرەتایی و کێوییانە داگیری کردبێت، جێگای بۆ سەدەها کارەکتەرو پاڵەوان خۆش کردووە، پانتایی کۆمەڵایەتی ئێمە کە فرەهێزو بیروباوەڕەو خاوەن ڕەگەزو توخم و مورکی جیاوازە، ئەو هەموو دەنگ و هاوارەی مانگی ڕابردوو کە هێشتا خەفە نەبوون گوزارشتە لەو پەیوەندییە تێکەڵ و ئاڵۆزە کە ئەندام و کەسەکان و گروپ و هێزگەلی کۆمەڵایەتی وامان تێدایە کە ئاراستەی جیاوازو هەرای خەڵکێکی زۆردا، گوێمان لە هاواری هۆشمەندەکانیش بوو کە پڕبوو لە خەم و تووڕەیی و ڕەتکردنەوە دادگایی کردنی تاك و کۆی کۆمەڵگا، زۆریش بوون ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئەم مەرگە بە چارەنووسێکی ڕ ٔوا دەبینن، لە چاکترین حاڵەتدا دەوترێت دەکرا بە گوللەیەك کۆتاییان بە ژیانی بهێنایە، بە واتا لەگەڵ دڕندەیی و جۆری کوشتنەکە تەبانین، لەناو ئەو دەنگانەدا دەنگی باوکی دوعا تێڕامانی دەوێت کە بە گومانەوە سەیری مەرگی کچەکەی دەکات و داوای دادگایی کردنی براو برازاکەی دەکات کە ئەوان بە سەرچاوەی ئەو ئاشووبە دەزانێت.
دەرئەنجامی بە یەکدادان و هەڵگژانی ئەو هەموو هێزە تووڕەو خامۆش و غەمگینانە کۆی ڕەفتاری کەسەکان و گروپە جیاوازەکان بە ئێمە پیشاندەدات کە پڕە لە دڵڕەق و تۆڵەسێن و بکوژو ئازادیخوازە میهرەبان، هەڵبەتە کحۆی حەکایەتەکە لەگەڵ هەموو دیوە تراژیدییەکەی کارەکتەری ڕاستگۆو درۆزنی لەهۆی کۆکردۆتەوە، گروپێکی دیکە کەهەر کێ بن ئەندامەکانی دوعا لە گۆڕ دەردێنن تاوەکو بیسەلمێنن کە هێشتا کچەو پاکیزەیە، ئەوەش وادەکات هەندێك لە دوژمنەکانیشی سەرسام و خامۆش بکات، گرژی و تەنگژەکە دیوێکی مەزهەبگەرایی وەردەگرێت ئەو وەختەی دەیەها کرێکاری یەزیدی لەلایەن سوننە مەزهەبەکانەوە دەکوژرێن، کەواتە ئەو مەرگەساتە دەیەها کێشەی مەزهەبی و خێڵەکی و نەتەوەیی لێکەوتووە، سەرباری باجی لەوە قورستر کە بووە مایەی کۆچ و سەرهەڵگرتنی هەزارەها کەس بۆ شارەکانی ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی وڵات، کۆبوونەوەی سەدەها یەزیدی لە دەوری بنکەکانی (UN) لە دیمەشق و عەممان و ئەنقەرە کە هەندێك لە نووسەران بە پیلانی دوژمنانی دەزانن بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ولایەتی مووسڵ.
ئاکامیش خۆتاقیکردنەوەو خۆ نمایشکردنی هەرهەموو هێزو دەستەلاتە جیاوازەکانە لە بەرامبەر یەکدی.
پرسیارێك کە گرنگە بیکەین ئەوەیە: ئەو سیحرو هێزە لەچ سەرچاوەیەکی ئەخلاقییەوە دێت کەوادەکات ئەندامانی گروپێك خۆیان بەڕاست بزانن و ئەوانی دیکە بە چەوت و شەیتان؟ وەڵام بۆئەو پرسیارە گەڕانەوەیە بۆ کۆی ئەو ڕوانین و نووسین و ڕاپۆرت و دیدارانەی کە کەوتنە پاشکۆی مەرگەساتی دوعاوە کە دواجار پێمان دەڵێت کە ئێمە هەر بەناوی پاراستنی ئەخلاقەوە کە بە شێوەیەکی ڕەها سەیری دیاردەو ڕووداوەکان دەکات، تاك ڕەهەندەو تەنها یەك ماناو حەقیقەت دەناسێت، هەر بۆیە هەقی مەرگ و ژیان دەکەوێتە دەست تاقمێك و ئاسان لە تاقمەکەی بەرامبەری وەریدەگرێتەوە، بۆئەوەی دەرئەنجامەکان بگۆڕین، مەرجە ئیش لەسەر تاکەکەسەکان و گروپەکان بکەین بەنیازی گۆڕینی ڕەفتارەکان سەرچاوەکانی مۆڕاڵ. دواجار وەڵامی ئەم پرسیارە داوامان لێدەکات کە ساڵانێکی زۆری دیکە تەرخان بکەین بۆئەوەی مرۆڤێکی تازەو ئاشتیخوازو مرۆڤ پەروەرو ڕۆح پەیوەر پەروەردەبکەین، چونکە ئەوەی ڕوویدا گوزارشتە لە

دڕندەیی کە پانتاییەکی گەورەی لە ڕۆحی ئێمەدا داگیرکردووە، چونکە ئەوەی زانراوە بەیەکدا پژان و هەڵشاخانی هێزەکان هیچ چارەسەرێکی جوان بەدوای خۆیەوە ناهێنێت.
ڕاستتر وایە بڵێین ئەو ژینگە مادی و ڕۆحییە دروست بکرێت کە کۆی مەردوومەکان لە دۆخێکی تەندروستی و مرۆڤدۆستی ئاشتیەوانی پەروەردە بکات، مادامەکێ مەیدانی زیندەگی هەر تاکەکەسێکی ناو گروپە کۆمەڵایەتییەکان ملکەچی هەرهەموو فشارەکانی ناو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتییە کە دواجار هێزە جیاوازەکانی لە هەڵس و کەوتی جیاوازدا، دەنێو داب و نەریت و یاساو ڕێسای نووسراوو نەنووسراودا خۆیان نمایش دەکەن، مەرجە ئەو فەزا گشتی و کۆمەڵایەتییە بگۆڕدرێت، ئەو ژینگە تەندروستە بێتە بەرهەم کە بتوانین لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا واز لەو ڕۆحی توندوتیژییە بهێنین کە بووەتە میراتێکی ئەخلاقی و ڕوانینمان بۆ بەهاو شەرەف و هەرهەموو چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت، ئەوەش جەنگ و ململانێی فیکری دوورو درێژی گەرەکە، جگە لەوەی کە پێویستە ئازابین بە گومانەوە سەیری سەرلەبەری ئەو کەلتوورە بکەین کە بڕێکی مایەی شانازییەو زۆریشی مایەی شەرمە.
هەمیشە جیاوازی زۆرە لەنێوان ڕەفتاری یەکەیەکەی خەڵکی لەنێو کۆگەلێکدا، حەشاماتێکی بێ شوومار یان ئەوەی کە پێدەوترێت جەماوەر کاردانەوەیان زۆر جیاوازە لەبەرامبەر ڕ,وداوەکاندا بە بەراورد لەگەڵ ئەوکاتەی خەڵکەکە بەتەنیان، بۆ بەتەنیا کەسێکی و لەتەك جەماوەردا کەسێکی دیکە، بەتایبەتی لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە ڕۆحێکی مێگەلپەرستی پەروەردە دەکرێن، چونکە زۆرجاران جەماوەر یان هەر خێڵ و گروپێکی کۆمەڵایەتی لەبری ئەوەی ئەندامەکانی خاوەنی عەقڵ و ڕەفتارو شێوەی بیرکردنەوەی جیابن، کەچی دەنێو هەندێك بۆنەو ڕووداوی خۆش یان ناخۆشدا هەڵوێستی کۆمەڵایەتییان یەك شێوەو ئاراستە وەردەگرێت، بۆ نموونە لەوەختی ئاشووب و توندوتیژی و جەنگدا دەبنە خاوەنی یەکجۆر عەقڵ و هەڵوێست و مێنتالتی کە دەکرێت ناوی بنیچین، لەڕووی مەجازییەوە، (مێشکی کۆبەند ـ یان هۆشیاری گشتیگیر)، هەمیشە هەڕەشەو ترس و شەڕو هەرا ئەم دۆخە دروست دەکات، جا سەرچاوەی مەترسییەکان لە مرۆڤەوە هاتبن یان لە سروشتەوە. حەشاماتێکی سەرشێت و ئاژاوەگێر کە لە دەوری کێشەو گێچەلێکدا کۆدەبنەوە کاریگەرییەکی وەها کوشندەی بەسەر تاکەکەسەکانەوە هەیە کە زۆرجاران وادەکات هەرکەسەو لە جێگەی خۆیەوە هەڵبچێت ببێت بە بەشێکی تەواوکەر لە گەرمکردنی ئەو ئاژاوەو ئاشووبە وەك ئەو دۆخەی لە مەرگەساتی (دوعا)دا دامەزرا، هەروەك چۆن هەرەشەو مەترسییەك گەمارۆی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەدات، هەتاگەر کەسانێکی نەترس و بێ باکیشی تێدابێت، دووچاری هەمان ترس و تۆقیف دەبن. هەمان دۆخی ناو جیهانی مەلان و ئاژەلانە کەلە مرۆڤدا دووبارە دەبێتەوە، ئەوەش ڕاستە چونکە ئێمە درێژکراوەی هەمان جیهانین. بۆهەمیشە دەکرێت گومانێك لە ئازایەتی و ڕەوشتی تاکەکەسەکان بکەین لەنێو کۆمەڵگایەکی وەهادا کە هات و هاوارو قیژەو دڵگەرمی و شێتایەتی حەشامات و جەماوەر دەیانجووڵێنێت، تاکەکەس لەناو حەشاماتداو نەو هەرچی توندوتیژییەك بنوێنێت لەناو ئەو هەراو هەڵلاو قەڵەبالغییەدا بزردەبێت و هەرگیز ناکەوێتەبەر دادگای ئەوانی دیکەو خۆی لە کوشتن و بڕینەکە بە بەرپرسیار نازانێت، هەمیشە پاساوی هەیەو بڕوبیانووی ئەوەی بەدەستەوەیە کە گوناهی ئەوانی دیکەیە، ڕەشە خەڵکی تووڕەو تۆڵەسێن، دەقاودەق مەترسی کۆبوونەوەمان لەناو ڕۆحی مێگەلدا ئەوەیە، ئەوەیان پتر لە پەلامارو گەمارۆی گەلە گورگ دەچێت بۆسەر ڕانە مەڕێك یان بەرخێکی تەنیا، ڕەوە پڵنگێگ بۆسەر ئاسکێکی تەنیا، دیسانەوە بە

گەڕانەوە بۆ ئەو شیکردنەوەیەی سەرەوەو گەیشتن بە دەرئەنجامێك وێنەی کوشتنی (دوعا) داوامان لێدەکات وردتر بدوێین:

سەرەتا چەند کوڕێك یان پیاوێك، خزم یان ئەندامانی خێڵ کە بە ژمارە کەمن (دوعا)و دڵدارەکەی لەژێر دار زەیتوونەکان دەدۆزنەوەو دەستگیریان دەکەن، دەبرێنە بنکەی پۆلیس، یەك دوو ڕۆژو دوعا ڕووەو ماڵی شێخ دەگوێزرێتەوە، بێئەوەی کەسیان بوێرێت ئازاری بدات یان هێشتا بڕوایان بەوە نییە ئەو تاوانبارە شایەستەی چ جۆرە سزایەکە، بگرە باوکی دوعاو دایکی و خوشك و براکانی کە بە چیرۆکی حەزەکەش دەزانن، دەستی لێ ناوەشێنن، دواجار مام و ئامۆزای دوعا دێن وەك مافی بنەماڵە دوعا ـ وەك کوتاڵێك ـ وەردەگرنەوە، تا ئێرەو کەس ناوێرێت بەتەنیا زەبرێك لە دوعا بدات تا ئەو وەختەی لە دوا دیمەندا کوڕگەلی خێڵ لە دەوری دوعا کۆدەبنەوەو تا دێت حەشاماتەکە دەئاوسێت و زاووزێ دەکات، بەدارو بەردەوە دەڕژێنە ئەو ناوە، کەس تا هەنووکە نازانێت کێ بوو بەردی یەکەمی گرتە دوعا؟ کێ بوو یەکەمین داری ڕاوەشاند؟ یەکەم تف؟ یەکەم جنێو؟ یەکەم هاوارو هەڵلا؟ لێکدانەوەیەکی زۆر سادە بۆ ئەم دەستاودەست پێکردنەی دوعا تا دەگاتە ناو حەشاماتی تووڕە هەر ئەو بۆچوونە لەخۆیدا هەڵدەگرێت کە کەس نەیوێراوە بەتەنیا خۆی لە بەرامبەر کوشتنی دوعا ـ دا بەرپرسیار بکات، بەڵام هەموو پیاوە تووڕەو داخدارو تۆڵەسێنەکان لەناو قەڵەبالغییەکەدا ون دەبن و کەسی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ناڵێت بەردەکەی من یان دارەکەی من کوشتی، بۆ هەریەك لە ئەندامانی خێڵ ئاسانە بڵێت ـ "ئەوان کوشتیان!".

جگە لەوەش ئەوەی کە هەموولایەك بە مەرگی دوعا ئاسوودە دەکات ئەوەیە کە هەریەکە لە کوڕو پیاوەکانی خێڵ لەبەرخۆیەوە دەڵێت ـ "مەحاڵە ئەو هەمووە لەسەر هەڵەبن و تاوانباربن.. مەعقوول نییە.. ها.. یەك بەویدیکە دەڵێت: تەچت بێژی؟!"

هەمیشە کەمینەش دوای زۆرینە دەکەوێت و هێزێکی گەورەتر هەیە کە هەموو تاکە کەسەکان ملکەچی دەبن کە ئەویش میراتێکی خوێناوی هەر هەموومانە، میراتی نامووس پەرستی و تۆڵەی شەرەف کە هەم شەرع و هەم کەلتووری خۆمان پابەندن پێوەی، جگە لەوەش کە حەشامات تووڕەو خوێناوی بوو، هەر هەموو ئەندامانی خێڵ و کوڕگەلی گوند هەڵدەستانە سەر پاشووان، کەسەکان بەهەمان جۆش و خرۆشەوە دڵگەرم و چاو پڕخوێن تا ئەوپەڕی شێتبوون هەڵدەچن، چونکە هەر هەموو ئاماژەکان و کۆدەکان و نیگاکان و هێماکان و چرپە چرپ و ددان کرۆشتن و پەیداکردنی داروبەردو چنگی گیرکردوو لەسەر گاشە بەردەکان، هەر هەمووان سازو ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی خوێناوی مەرگی دوعا، ئەوەیان ساتە وەختێکە پێوست بە قسەو گفت و گۆی درێژ ناکات لەسەر شەرەف و ئابڕووتکان، ڕووخسارەکان ئاشکرا دەدوێن، قسەکردنێکی دوورو درێژ پێشتر لەناوماڵەکان و کوچەو کۆڵان و مزگەوتەکان و مەکتەبەکان و دیوەخانەکان و پەرستگاکان کراوە، لێرەدایە دوا دیمەنی نمایشەکە بە کوشتن کۆتایی دێت، چونکە کەسێك پێویستی بەوە نەماوە خۆی کۆنترۆل بکات و بەزەیی بە دوعاـ دا بێتەوە، دواجار مادامەکێ هەرهەموومان بەیەکەوە کوشتوومانە، کەواتە کەسمان نەیکوشتووە، دواجار ڕۆحی پڕ لە غەزەبی قەبیلە سەروەرە نەك هیچ بەهایەك و سۆزێکی ئادەمی. کێ دەتوانێت بەر بەلافاوی گڕکان و تووڕەیی و ڕقی هەموومان بگرێت، هەموومان کە پێکەوە شێت دەبین. دواخاڵ کە بۆمن گرنگەو پەیوەستە بە بیرۆکەی بێباکی و خۆدۆزینەوە لە بەرپرسیاربوون لە بەرامبەر مەرگی دوعاو خۆبێبەری کردن لە تاوانەکە

لەسەر ئاستی تاك چونکە حەشامات کوشتی، بێ مەترسیترە گەر بوترێت ئەوان کوشتیان، یان ئێوە کوشتتان، یاخود ئێمە کوشتمان. زۆربەی خەڵکی، بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان بە ئەندامانی گروپێك یان خێڵێك دەزانن کە پڕن لە تۆڵەو شەرانگێزی بێ هۆنییە کەبە خوێن دەستیان سوور دەبێت. لە کەلتووری ئێمەدا هەرهەموو نێرینەکان لەسەر قێزکردنەوە لەمێ پەروەردە دەکرێن، لەسەر سووك سەیرکردن و ڕق و کینە، چونکە وێنەی ئافرەت هەر لە چیرۆکی دایکە حەواوە تا دەگات بە حەکایەتەکانی ناو کوچەو کۆڵان و چایخانەو مەیخانەو قوتابخانەکان و سەرجادەکانیش پڕە لە وێنەی بە شەیتان بووی ئافرەت، ئافرەت وەك بوونەوەرێکی گوناهبارو ئامادە بۆ فریوو تەفرەدان و ئاشووب سەیرکراوە، هەر لە منداڵییەوە وامان لێدەکەن لە توخمی (مێ) بترسین و شەرمی لێبکەین، چەندە بە لەشی خۆمان نامۆین، سەد ئەوەندە بە جوانی و لەشی ئافرەت نامۆین، سەدەها وێنە هەن بۆ ناشیرین کردنی ئافرەت دەنێو ئەم کەلتوورە، سەرچاوەکانی ئەو ناشیرین کردنە یەکجار زۆرن، ئەمجۆرە پەروەردەکردنە ناجۆرو شێواوە وادەکات ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە نێرەکانی ئێمە ڕق و کینە لە دڵدا هەڵبگرن، بێئەوەی بە خۆمان بزانین پڕ دەبین لە لە بێزلێکردنەوە، هەتا سووری مانگانەی ئافرەت وەك سزایەکی ئاسمانی سەیرکراوە، سزایەك کە دەرئەنجامی گوناهی دایکە حەوایە، گەر ئەوەیان ئەفسانەو حەکایەتیش بێت کاریگەری خۆی لە خەیاڵگەو ڕۆحی هەمووماندا هەیە، دووریمان لە ئافرەت و جیاکردنەوەی نێر لە مێ لەهەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی قوتابخانە، بەسە بۆ ئەوەی تا پیر دەبین هەر غەریب و نامۆ بین بە توخمی مێ و لەسۆزو ڕێزو خۆشەویستی ئافرەت بەدووربین، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی ڕۆحی نێرینەکان پڕتر بکات لە ترس و شەرم و ڕق، دواجار ئەوپەڕی شەڕانگێزی دژ بە کچان و ژنان و سەرباری ئەو هەموو دوژمنکارییەی کە نێرەکان لە بەرامبەر یەکدیدا دەیتەقێننەوە، ئێمە وەکو نێر لە بەرامبەر هاورێ و دڵدارو دڵخوازە ژن و دایك و خوشك و کچەکانماندا تا ئەوپەڕی ئامادەین دوژمنکارە بەدڕەفتار بین، ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر نەخۆشی ئێمە کە جار هەیە لە پلاروتانەو تەشەرێکەوە دەست پێدەکات، جاریش هەیە دەگاتە لێدان و سزاو ئازاردان و بگرە کوشتنی بەرامبەرەکەت. کە هەستی ڕق و کینەو قێزکردنەوە وەها قووڵ و کوشندەو ڕەگاژۆ لە ڕۆح و دڵی نێرینەکاندا کەڵەکە بوویێت، هەڵبەتە بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێت بۆ تەقینەوە، هەستێکە کەبە ناشیرینترین شێوەی توندوتیژی نواندندا گوزارشت لە خۆی دەکات، دیارە لەسەر ئاستی تاکەکەس هەریەك لە ئێمە ناچارە بسەڵمێتەوەو بترسێت، چونکە هەریەکەمان بەتەنیا، بۆ خۆی، لە سزا دەترسێت، چونکە لە شەڕفرۆشتنێکی ڕاگوزاری بە خانمان لەسەر جادە تا دەگا بە کوشتن جۆرەها سزاو لێپرسینەوە چاوەڕێمانە، بەڵام کە لەناو حەشاماتێکدا هەریەك لە ئێمە دەبێت بە دڕندە، دەتوانین پێکەوە دوعا بکوژین، ئەو کاتەیە کە کەس من و تۆ ناناسێت، ئێمە ئەوکاتە لەناو قەڵەباڵغیدا ونین و کەسمان هەڵگری ناوی خۆمان نین، هەر بۆیە زۆر سەربەستانەو بێباك و شێت گوزارشت لەو ڕق و قێزو بێبەش بوونەوەی خۆمان دەکەین تا ڕادەی کوشتن و خوێن ڕشتن، بەتایبەتی گەربکرێت دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە عیشقبازی دوعا وای کرد کوڕگەلی ئەو دەورووبەرە مێژووی بێبەشی خۆیان بیربکەوێتەوەو ڕق و کینەو قێزلێکردنەوەو تۆڵەی شەرفیش سەربار.

مەرجیش نییە توندوتیژی ئاراستەی ئەو سەرچاوەیە بکرێت کە بۆتە مایەی ڕق و کینەو بێبەشی و قێزکردنەوە، لەوێدا کەلتوورێك هەیە کە ئەو هەموو گرێ و نەخۆشی و دەردەی دروستکردووە، (دوعا) دەبێت بە نموونەو بەرجەستەیەك لە شێوەی کەسێکدا ـ کچ ـ و (مێ) وەك بەرجەستەی توخمەکەی خۆی، گەر لە دونیای زۆر ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێرو مێ

دابەزینە خوارترو نموونەی نەخۆشمان دەست بکەوێت لەمەڕ پیادەکردنی توندوتیژی، کەسانی داخدارو تووڕەو بێبەش هەمیشە ئامادەن زیانبەخش بن و ئازاری ئەوانیدیکە بدەن، ئەو کوڕانەی لەتاو بێبەشی و شکەستی زۆری زیندەگیان دوعا دەکوژن، هەرهەمان دۆخی ئەو گەنجانەیە کە ناتوانن ئوتمبێلێکی گرانبەها بکڕن، هەر بەهەمان داخ و تووڕەییەوە قەمەرەو ماشێنە زۆر خاوێنەکانی سەرجادەو ناو کۆڵانەکان کە ڕاگیراون زامدار دەکەن، بەهەمان ڕقەوە دەکەونە کڕاندنی بۆیاغەکەی، بە چەقۆ بێت یان کلیل و نینۆك ماشێنەکان بریندار دەکەن، جارهەیە ئاوێنەکەی دەشکێنن، لە وەختی خۆپیشاندانەکاندا شکاندنی هەر شتێك کە دەکەوێتە بەردەم حەشامات و ئاپوورەی خەڵکی تووڕە بێ هۆ نییە، ئەوەیان بەتەنها هەڵوێستێکی سیاسی نییە دژ بە دۆخێکی نالەبار، زۆر زەحمەتە لەناو حەشامات و ئاپوورەی خەڵکیدا داوای عەقڵ بکەیت، هەمیشە لە ساتەوەختی تەقینەوەدا ئەگەری وەئاگاهاتنی رۆحی دڕندە زۆرەو شیاوە، دەنێو حەشاماتدا هەرکەس خۆی جیابکاتەوە لەوانیدیکە، بەتایبەتی لە ساتەوەختی دڵگەرمبوون و توندو تیژیدا، وەك دوژمن و بێ شەرەف و ترسنۆك حیسابی بۆ دەکرێت و ئەگەری سزایەکی قورس چاوەڕێی دەکات، لە ترۆکردنەوە تا کوشتن، لە نمایشی کوشتنی (دوعا)دا ئەوەی کە بەردبارانی ناکات، زۆر بێباکانە بە مۆبایل ئاسوودە رەسم دەکرێت، گەرچی هەراکە هەرای مەرگە نەك زەماوەند، کەواتە کەس نییە لەو گەمەی مەرگە بەشدار نەبێت، وێنەگرتنەکە تۆمارێکی ڕۆژنامەکاری نییە، بەڵکو قایلبوونە بەو سزایە دەرهەق بە دوعا.

هاندەرانی فتبۆلێن لە گۆڕەپانەکانی یاریدا بەتەنها بە چەپڵەو فیکەکێشان ناوەستن، پێشتر خۆ مەست دەکەن تا سازو ئامادەی هەر شەڕو بەیەکدادانێك بن، خوێن ڕشتن و شەڕی نێوان هاندەرانی دوو تیمی فتبۆلێن بەشێکە لەو شێتبوون و هەرایەی رۆحی مێگەل دەیخوازێت.. هەتا لە وڵاتانی ئاوروپاش لە ئاکامدا دەگەینە تێڕامانێك لە کۆی دیوە شاراوەکانی ئەم مەرگەساتە، ئاخۆ مەرجە بەتەنها خەلچکی نەخوێندەوارو بگرە زۆر سادەو حۆل بکەونە ناو ئەم تۆڕو بازنەی وێرانکردن و کوشتن و بڕینە؟ ئاخۆ بەتەنها ملهوڕو بێبەشەکان کە پڕبوون لە ڕق و کینەو قێزکردنەوە دوژمنکار دەبن؟ هەڵبەت لە هەموو کات و سەردەم و دەنێو هەموو میللەتاندا چوون یەك نییەو جیاوازە، نموونەش زۆرە، هەڵتەکاندنی ئەو میراتە پڕ لە شەڕانگیزییە مێژوویەکی دوورو درێژی دەوێت، بەڵام گەر لەڕووی سایکۆلۆژییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین دەتوانین بڵێین ژمارەیەکی واش هەیە کە خاوەن مەعریفەت و ویژدانن، جا چ کەم بن و چ زۆر، کە بە رۆحێکی شارستانیانە لە دیاردەو ڕووداوەکان ورد دەبنەوە، ئەوانەی کە هەستدەکەن کامە کردەوە جوانەو کامەش ناشیرینە، سوودو زیان لە یەکدی جیادەکەنەوە بڕوایان بە هەقی هەڵبژاردنی هەر مۆراڵێك هەیە لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت بە مەرجێك زیان بەوانیدیکە نەگەیەنێت، ئەوانەی کە دەزانن چی زادەی عەقڵەو کامەیە ناعەقڵانی، بە ئاسانی ناکەونە دوای مێگەل و دەزانن شتێك هەیە ناوی ئاژاوەو ئاشووب و دێماگۆکی، بەتەنها یەك ڕوانینیان نییە بۆ ئەخلاق، حەقیقەت، دەزانن چی مەنتیقەو چی شێتی و هەڵچوونە.

هەربۆیە تا زووەو دەکرێت هەوڵی گەورە بدرێت بۆ زیادکردنی مەعریفەتێکی ئینسانی و مرۆڤپەروەر، کەسانێك بە ویژدانێکی پاك و رۆحێکی تەندروست و ئاشتیخواز پەروەردە بکەین، کەسانێك خاوەنی مێشکێکی ئەوتۆبن هەزارجار پرسیار لە خۆیان بکەن بەرلەوەی بڕیار بدەن، تەنها شتێك کە پەنای بۆ ببەین: پەروەردەیە، چ دەنێو خێزان و چ دەنێو قەتابخانەکان و بگرە هەر هەموو ئەو دەزگا کۆمەڵایەتییانەی کە ئەرکیان دروستکردنی مرۆڤە، تا هەمووکە خێ.انی

کوردی خاوەنی هەمان میراتی خوێنەو مەکتەبەکانیش پڕن بوون لە تووتی و داهۆڵ، حیزبەکانیش کارگەی گەورەی خەساندنی نەوەکانن.
تا هەنووکە لە کوردستان کار بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی تازە نەکراوە، مەرجەکاری یەکەمان پەروەردەکردنی منداڵ'کان بێت بە شێوەیەکی هاوچەرخانە کە عەقڵی ئەوە پەیدا بکات لەو میراتی خوێن و شمشێرە بتۆرێت، ترسناکترین قۆناغیش بەر لە تەمەنی حەوت ـ هەشت ساڵییە، هەربۆیە گرنگ و بایەخی مامۆستایانی باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی، لەدوای دایکان و باوکان، لە ڕادەبەر هەستیارو ترسناکە، بردنەوەو دۆڕاندنی مرۆڤەکان لەوێوە دەست پێدەکات، گەرچی خودی پەروەردە پرۆسەیەکی درێژخایەنەو هەرهەموو تەمەن دەگرێتەوە، فەرامۆشکردنی پەروەردە کردن و دروستکردنی مرۆڤی پاك و ڕاست و تەندروست و ئاشتیخواز پێچەوانەکەی دروست دەکات کە وێرانکردنی هەرهەموو پایەکانی ژیانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمانە، هەڵبژاردنی مامۆستایەکی سەرەتایی زۆر گرانترە لە هەڵبژاردنی پرۆفیسۆرێکی زانکۆ. کارەسات ئەوەیە کە نەوەکان یەك لەدوای یەك فەرامۆش کراون، ئێمە چ شەرانگێز بین و چ مرۆڤپەروەر زادەی دەستی گەورەکانین، بەرهەمی کارگەو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانین، هەربۆیە پێنج سەدە لەمەوبەربوو "ئیگناتیوس لۆیۆلا"، دەمەزرێنەری (رێبازی جەزویتی) وتوویەتی ـ منداڵێکم بخەرە ژێر دەست تاوەکو تەمەنی دەگاتە حەوت ساڵ، دوای ئەوە گرنگ نییە کێ لێمی وەردەگرێت.
ئێمەی کورد ئەم نەوەیەمان دۆڕاندووە.. ئاخۆ دەکرێت بتوانین نەوەکانی داهاتوو نەدۆڕێنین؟!